### به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان

# ئاوێنەی باڵانوانی چواردە جۆخینی ڕامان

**عەزیزی مەلای ڕەش**

چاکم لە یاد مــاوە: ئەو دوو حــزبە لە گــێــژەنی ئاڵۆزی و گێرەشێوێنێکی وادا بوون مەگەر هەر خۆیان بزانن چۆن بووە. ئەوسا جگە لە خۆیان کەسیان بە بنیادەم حسێب نەدەکرد. هەموو کەسی بیرتیژ و زەیندار سەری لێدەر نەدەچوو.. و تاسای نەدەکرد دوو قسەی خێر لەنێوانیاندا بەبا بدات.

بە کەیف و ماشای داگیرکەری هەر چوار «ئال»ی کوردستان ڕمبازییان دەکرد و لە چەقی شارە قەوغەکاندا ڕمی ئاڵیان داکوتابوو و لە خۆیان بەملاوە کەس حەدی نەبوو بیلەقێنێت. لەتی کوردستانیان بەرەو پێنجی دەبرد.

گۆردە و چەورە و خوبزە و چاوەش و گزیر و نۆکەر و دیاردی و جاش و سیخوڕ و دەمگەرم و چاوپان و دەستوپێوەند و ئاخوڕگۆڕ و مێچکەباز و لچ و خزمەتچی و جەندرمە و هەیتە و مەیتەر و ماچە و چەلاو خۆری دەرباری داگیرکەران بیست و چوار سەعات شایی و گۆوەند و هەڵپەڕکێیان بوو.. و هەیدۆ هەیدۆیان دانەڕێیەک دەڕۆیشت و لیکاوی خۆشیان لە دەمی بستێک داپچڕاویانەوە بازرقەی بەستاو بێ پەردەی شەرم و حەیاوە دەیان نەڕاند: «خوایە هەر لەو قایدەی ڕاگریت و بۆ سونەتیش هێور نەبێتەوە».

ئا.. لەم ساتە ناهەموار و پەشۆکاو و جڕناوفڕنا و کەس بە کەس نەبووەدا ڕۆژێک «زار»ێک وەبەر گوێمی چڕپاند:

«– لەم ڕۆژانەدا گۆڤارێک لە پیرمام دەردەچێت، پێیان خۆشە بابەتیان بۆ بنێریت».

منیش ئەوسا لە ناخەوە پارتیم بە ڕاست لە قەڵەم دەدا، بۆیە بە هەڵەداوانەوە، تەرحی هەنار بۆ نەخۆش ببەم، بە چیرۆکێکی درێژ= «سنوور پاراستن» وەڵامی خواستیانم داوە. لەو ساکەوە فێربووم خوایشتی دڵم بەجێ بهێنم و ئامەشۆی «پیرمام» بکەم، کەچی نەمدەتوانی بە «ڕەبەن»ی بچم. جەندرمەکانی سەیتەرە، گەنجی دنیا نەدیتە و بیر نەکراوە بوون و.. واشیان حەملاندبوون بەداوا و ناورانەوەی ئامەشۆکەران نێنەڕایێ.

ناچار خۆم کردە مورافیقی ڕێزدار «فوئاد سەدیق». ئەوسا شیوعی بوو.. و بە تورمبێلی حزب و ئاڵای سووری چەکوچ و داسدار، بێ پەردەی پرسیار و تەفتیشەوە دەچووە پیرمام. هەموو جارێ لێیان دەپرسی: «ئەوە کێیە؟».

ئەویش بەشێوەیەکی ئاساییەوە دەیگوت «لەگەڵ من دایە»

* * *

هەرکە ژمارەی «١» یەکی گۆڤارەکە، بەناوی «تیێڕامان» دەرچوو.. و بەدەستم گەیشت، گەرچی چاپێکی یەکجار خراپ و پڕ هەڵە بوو، بەڵام ئەوەندەم هەوەست پێهات نەبێتەوە و لام وابوو تاپۆی ڕەشی «لایین»ی زەوی و زاری کەندێناوە و قەراجم لە باخەڵدایە. بە ئەنقەست سێ ڕۆژان لەنێو بازاڕ بەدەستمەوە دەگرت و هەر نووسەرێک چاوی پێدەکەوت ڕووی خۆی بە گرژومۆنەوە وەردەگێڕا. نزیکەی دە دوازدە نووسەر زیاتر دیتیان و لێکرا، دەتگوت باوە کوشتەیانە، بە دڕدۆنگییەوە سەیریان دەکرد.

هەرکە دەزگای گۆڤارەکە بۆ شاری هەولێر گوازرایەوە، لەبەر ئەو نووسەرە لێبانلێس و گوڵەبەرۆژەی باس کران بەهیچ کلو بابەتێکەوە بەر من نەدەکەوت. وەک مەڕە کەترە دواگر بووم.

ئەوسا بۆم واژی بووەوە زۆربەی نووسەرانمان، لەگەڵ ڕێزم بۆیان لەناو لەپێکی لووس و بێ موو دەگەڕێن و گەرماشیان نەگاتێ.

* * *

لەو ڕۆژەوە ئەو گۆڤارە قەشەنگە ئاوێزانی هەمە تەرز و بابەتی ئەدەبی و زانیاری و زانستی و مێژوو.. و ڕەخنە و فەلسەفە و دەیانی تری پێویستی سەردەم بووە و ڕێبازێکی تایبەتی بۆ خۆی بنیاد ناوە و ئاشنایەتی و دۆستایەتی و ناسیارێتی لەنێوان نووسەر و قەڵەم لەدەستانی هەر چوارپارچەی کوردستان و غەوارەکانی هەندەران تەرخان و بەهێزکردووە.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی یەکجار پیرۆز و مەزنە و هەتا ئەمڕۆی حازری هیچ پارت و سیاسەت و پیاوی مەزن و تێکۆشەر و دنیا دیتە، بە خەیاڵیش نەیتوانیوە خۆی لە قەرە بدەن.

چواردە ساڵی ڕەبەق شەکەت و ماندوویێتی لە حەد بەدەری چاپ و چاپەمەنی و نەخشەسازی و.. وێنەی جۆراوجۆر و.. کەم و زۆر کۆڵی بەکەسانی بەرپرس نەداوە و بگرە تەرحی ڕۆن لە بەدەنیان بدرێت ڕۆژ بەڕۆژ مکوڕ و بەشەوقتر بوونە. ئەمەش هێمای دڵسۆزی و ئاوداڵێتی خزمەت و پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی میللەتە.

* * *

من کتێبخانەیەکم هەیە هەشت سەندووقی دەرکەداری هەیە. لەسەرەوەشی سی و دوو شوێنی کتێبی تێدایە. هەر شوێنێک درێژی «٤٧» سەنتیمەترە و پانیشی «٣٤» سەنتیمەترە.

گۆڤاری ڕامان سێ شوێنی پڕ کردووەتەوە و بە ئەنقەستیش لەناوەڕاست و تاقی سەر سەندووقەکانم داناون. هەر کەس سەیری کتێبخانەکە بکات دیمەنی سەفتەکراوی ژمارەکانی ڕامان سەرنجڕاکێشە. ئەوەندەم هەوەست بە دیمەنەکەیەوە دێت لەزگە بڵێم بە قەدەر گشت کتێبەکانم خۆش دەوێن.

* * *

تەماخوازم ئەو گۆڤارە نایابە هەر وا بەردەوام بێت و تەگەرەیەکی بە ئاستەمیش بەری ملی بەرپرس و کارمەندانی نەگرێت و چەندین مۆمی تریش بەخۆشی و سەرفرازییەوە داگیرسێنن.